# هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر هەژموونی سۆڤێت لە عێراق (١٩٦٩-١٩٧٤)

د. هاوار کمال میرزا عبدالله*　　　　د. گۆران ابراهیم صالح**

وشە کلیلییەکان: ئەمریکا، سۆڤییەت، عێراق، ململانێی سۆڤیەتی – ئەمریکی، شۆڕشی کورد.
https://doi.org/10.31271/jopss.10042

**پوختەی توێژینەوە**

بیرۆکەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیەکە زیادبوونی هەژموونی سۆڤییەت لە عێراقدا، دوای کودەتای دووەمی حیزبی بەعس لە ساڵی 1968 دا، پاڵی بە ئەمریکییەکانەوە نا بۆئەوەی زیاتر دەست وەربدەنە ناو سیاسەتی ناوخۆیی عێراقدا، هەروەک ئەمریکییەکان ئەوەیان بە هەڕەشەیەک دژی بەرژەوەندییەکانیان لەقەڵەمدا. لەو پیناوەدا ئەمریکا هەندێک ستراتیژی جێبەجێ کرد تا بەربەست لەبەردەم هەڕەشەی سۆڤیەت دابنێت؛ لەڕاستیدا کەمکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی سۆڤیەت لە عێراق و لاوازکردنی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراقدا هەر بەو هۆیەوە بوو، لەم ناوەندەشدا ئەمریکا کوردی لە دژی هەردوولا بەکارهێنا بۆ ئەوەی پێگەیان لاواز بکات. ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکارکردنی بابەتەکەی سودی لە هەردوو میتۆدی مێژوویی وشیکاری وەرگرتوو. ناوەڕۆکەکە لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە، تەوەری یەکەم شیکردنەوە بۆ کودەتای دووەمی بەعس دەکات لە نێوان هەژموونی سۆڤیەت و کاردانەوەی ئەمریکادا، تەوەری دووەم لێکدانەوە بۆ ڕێککەوتنی نێوان کورد لەگەڵ عێراق دەکات لە سایەی ململانێی سۆڤیەتی - ئەمریکادا، تەوەری سێیەم شرۆڤە دەکات بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕێککەوتنی دۆستایەتی عێراق - سۆڤیەت لە 9 ی نیسانی 1972 دا، تەوەری چوارەم تایبەتە بە خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق و بەرەی نیشتمانی عێراق لەسایەی ململانێی سۆڤیەتی - ئەمریکادا. تەوەری کۆتا تەوەریش، تەوەری پێنجەم، باس لە کاریگەری فاکتەری سۆڤیەت دەکات لەسەر پشتگیریکردنی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد لە (1972-1974) دەکات، لە کۆتاییشدا دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

---

* مامۆستای بەشی مێژوو/ کۆلێجی زاستەمرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی:
hawar.mirza@univsul.edu.iq

** مامۆستای بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی.:
goran.salih@univsul.edu.iq

**ملخص البحث:**

**موقف امريكا من النفوذ السوفيتي في العراق (١٩٦٩- ١٩٧٤)**

تطور التجربة السوفيتية في العراق بعد الانقلاب الثاني لحزب البعث دفع بأمريكا بأن تتدخل اكثر في الشؤن الداخلية للعراق، لأن امريكا اعتبرت ذلك الأمر ضد مصالحها، وكرد فعل أثر ذلك على: أولا تحجيم الهيمنة السوفيتية في العراق. ثانيا إضعاف سلطة حزب البعث. وفي ذلك الوقت ارادت امريكا استخدام الاكراد كورقة لأضعاف السوفيت وسلطة حزب البعث في العراق. وفي هذا البحث تمت الاستفادة من المنهج العلمي التاريخي والتحليلي. ان البحث يتكون من خمسة محاور، يتعلق المحور الأول بالانقلاب الثاني لحزب البعث العراقي بين التجربة السوفيتية والتصرف الامريكي. المحور الثاني تم تخصيصه لأتفاق الاكراد مع الحكومة العراقية خلال النزاع الامريكي-السوفيتي. أما المحور الثالث فيؤكد على السياسة الامريكية المتخذة تجاه اتفاقية الصداقة المبرمة بين العراق والسوفيت في نيسان 1972، أما المحور الرابع فتم تخصيصه لمسألة تأميم النفط العراقي وللجبهة الوطنية العراقية خلال النزاع الامريكي-السوفيتي، ويتطرق المحور الخامس لأثر العامل السوفيتي على الدعم الامريكي للثورة الكردية(1972-1974). وفي خاتمة البحث تم التوصل الى جملة من الاستنتاجات.

**Abstract:**

**America's position on Soviet influence in Iraq (1969-1974)**

The Soviet increasing hegemony in Iraq after the second coup d'état of Baa'th party in 1968, pushed the Americans to interfere more in domestic politics in Iraq. As the Americans considered that as a threat against their interest. The US implemented some strategies in order to counter the Soviet threat such as; reducing and confronting the Soviet hegemony in Iraq, and weakening the Baa'th party authority in Iraq. For that reason, the Kurdish factor was used against the both sides in order to weaken their position. The research methodology of this paper is historical analyses. The content is consists of five chapters, the first chapter deals with the Baa'th coup d'état between the Soviet hegemony and US reaction, the second provided the foundation of Iraqi-Kurdish peace deal in the era of Soviet-US rivalry, while the third chapter focuses on the US foreign policy towards Iraqi-Soviet friendship agreement in April 9th of 1972, the fourth chapter is about the nationalization of Iraqi oil and the liberation front of Iraq in Soviet US conflict, and finally, chapter fife discusses the Soviet factor in the US backing the Kurdish revolution in 1972-1974, in conclusion the findings are explained.

## پێشەکی:

پەرەسەندنی هەژموونی سۆڤێت لە عێراق لە دوای کودەتای دووەمی پارتی بەعسە لە ساڵی ١٩٦٨پاڵی بە ئەمریکاوە نا، بۆ ئەوەی دەستوەردانی زیاتر لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا بکات، چونکە ئەمریکا وایدەبینی هەژموونی زیاتری سۆڤێت لە عێراق و بەهێزبوونی زیاتری دەسەڵاتی پارتی بەعس لەسێبەری مۆسکۆدا لە عێراق بەتەواوی پێچەوانەی بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا بوون. دواتر ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو دروستدەکرد، لەبەرئەوە ئەمریکا لە سەرجەم لایەنەکانی سیاسی، ئابوریی، ستراتیژیو کێشەنێوخۆییەکان بە دوو ئاراستە دەستوەردانی لە عێراقدا کرد. ئارستەی یەکەم لێدان و کەمکردنەوەی هەژموونی سۆڤێت بوو، ئاڕاستەی دووەمیش لاوازکردنی دەسەڵاتی پارتی بەعس بوو.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ کاریگەری ململانێکانی ئەمریکاو سۆڤێت لە عێراقو لێکەوتەکانی دەگەڕێتەوە، بێگومان سیاسەتی ئەمریکا لەم قۆناغەدا کاریگەری تایبەتی لە سەر عێراقو پاشان دۆزی کورد لە عێراقدا دروست کرد، کە دواتر لێکەوتەکانی ئەو کاریگەرییانە بۆ ماوەی چەندین ساڵی دواتری دوای قۆناغی ئیدارەی (ڕیچار نیکسن) هەر بەردەوام بوو.

گرنگی بابەتەکە زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئەمریکا چۆن ڕووبەڕووی هەژموونی سۆڤێت دەبێتەوە لە عێراق، لە کاتێکدا ئەم هەژموونە بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیو هاوپەیمانەکانی دەزانێت. سەبارەت بە پرسیاري توێژینەوە، خۆي دەبینێتەوە لەوەی: میکانیزمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لێدانی هەژموونی سۆڤێت لە عێراق چۆنو بە چی شێوازێك بوو؟ لەو نێوەندەشدا ئەمریکا چۆن ویستی کورد وەك کارتێك بۆ لاوازکردنی سۆڤێتو دەسەڵاتی پارتی بەعس لە عێراق بەکاربهێنێت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بە میتۆدی زانستی مێژوویی و میتۆدە شیکارییەکان، کە سیاسیانە لە ڕێگەی ئەو میتۆدەوە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە گرێدراوەو کاریگەرییەکانی خراوەتەڕوو. هەرچی پێکهاتەی توێژینەوەکەیە، ئەوە لە پێشەکیو پێنج تەوەری سەرەکیو ئەنجام پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: تایبەتە بە کودەتای دووەمی بەعس لە نێوان هەژمونی سۆڤێتو هەڵوێستی ئەمریکادا، تەوەری دووەم:بۆ ڕێککەوتنی کوردو حکومەتی عێراق لە ململانێی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت دا تەرخانکراوە، لە تەوەری سێیەمدا جەخت لە سەر  سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر پەیماننامەی دۆستایەتی عێراق-سۆڤێت( ٩ی نیسانی /١٩٧٢ )کراوەتەوە، تەوەری چوارەمیش بۆ خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقو بەرەی نیشتیمانی عێراق لە ململانێی یەکێتی سۆڤێتو ئەمریکادا تەرخان کراوە، تەوەری پێنجەمیش کە دوا تەوەری توێژینەوەکەیە، تێیدا باس لە کاریگەری هەژمونی سۆڤێت لەسەر پاڵپشتی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد (١٩٧٢-١٩٧٤) کراوەو ئاکامەکانی ڕوونکراوەتەوە. لە کۆتایشدا بە پوختی ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

لە دیارترین ئەو سەرچاوانەیشی سودیان لێبینراوە، ژمارەیەك لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوە ئەمریکا بوون کە لە ساڵی (٢٠٠٧) ئەمریکا بڵاویکردنەوە، هەروەها( لوکمانی میهۆ: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا -کوردستانی عێراق) وەك نموونە کە کتێبێکی

بەڵگەڵگەنامەییەو ژمارەیەکی دیار لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بۆ سەر زمانی کوردی تێدا وەرگێڕدراوە، پاشان (فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵا: بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق -١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤) کە ماستەرنامەیەکی بڵاوکراوەی زانکۆی سەلاحەدینە، هەروەها (Haim Shemesh: Soviet-Iraqi relations 1968-1988in the shadow of Iraqi-Iran conflict)، کە پۆست دکتۆرایەکی بڵاوکراوەیەو سودی زۆری بۆ ئەم توێژینەوەیە لێ بینراوە.

## تەوەرەی یەکەم:

## کودەتای دووەمی بەعس لە نێوان هەژمونی سۆڤێت و هەڵوێستی ئەمریکادا

## (١٩٦٨-١٩٦٩)

پارتی بەعس[١] بۆ یەکەمجار ساڵی (١٩٦٣ ) لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە توانی کورسی دەسەڵات لە عێراق بگرێتەدەست، لێرەوە لە دەسەڵاتی چەپ و کۆمۆنیستەکان درا و بەعسییەکان و نەتەوەپەرستەکان کۆنترۆڵی سەرجەم پێگەو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی عێراقیان کرد[٢]. لە (١٧ی تەموزی ١٩٦٨/) دوای دەستبەسەرداگرتنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و وەزارەتی بەرگری و بارەگای سەرەکی گاردی کۆماری، پارتی بەعس کودەتای دووەمی لە قۆناغی (عەبدولڕەحمان عارف)دا ئەنجامدا[٣]، پاش دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە گەورە کاربەدەستانی دەوڵەت، (عەبدولڕەحمان عارف)یش لە ڕێگەی فڕۆکەوە ڕەوانەی دەرەوەیوڵات کرا[٤]. پاش کودەتا هەریەك لە (ئەحمەد حەسەن بەکر) هەردوو پۆستی سەرۆك کۆمارو سەرۆکوەزیران و(سەدام حسێن)یشوەك جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕش دەسەڵاتیان گرتەدەست[٥] و سەرۆك کۆمار لە مانگی کانونی

---

[١] لە بنەڕەتدا ئایدۆلۆژیای بەعس ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی نەتەوەیی عەرەبی سیکۆلار بوو، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا لە سوریا لە چوارچێوەی پارتی بەعسدا سەریهەڵدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە ساڵی ١٩٤٩ لەسەردەستی سوریەکان گەیشتە عێراق، بۆ یەکەمجاریش حیزبی بەعسی عێراقی ساڵی ١٩٥١ لەسەر دەستی فوئاد رکابی کە ئەندازیارێکی عەرەبی شیعە بوو دامەزرا. پارتی بەعس هەر لە سەرەتاوە بووە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا. بڕوانە:

Marion Farouk and Peter Sluglett; Iraq since 1958 from Revolution to Dictatorship, Tauns, London, 2003, P.91-92.

[٢] ابراهيم الزبيدى: حزب البعث العربي الاشتراكي، مؤسسة كتابات، بدون مكان، ٢٠١٣، ص٢.

[٣] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کودەتای ١٩٦٨و هۆکارو ئەنجامەکانی، بڕوانە: ابراهيم رسول حسين العامري: التطورات السياسة الداخلية في العراق(١٩٦٨-١٩٧٣)، رسالة تقدم بها الطالب إلى مجلس كلية التربية للعلوم الإنسانية/ جامعة كربلاء وهي جزء من متطلبات نيل درجة ماجستير آداب في التاريخ الحديث والمعاصر، جامعة كربلاء، العراق، ٢٠١٧، ص٣٨-٦٨.

[٤] تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، ترجمة: زينة جابر ادريس، ط١، دار العربية للعلوم، لبنان، ٢٠٠٦، ص ٢٥٧-٢٥٨.

[٥] اديث و اى و اين بينروز: العراق دراسة في علاقات الخارجية و تطورات الداخلية ١٩١٥-١٩٧٥، ت: عبدالمجيد حسيب

یەکەمی ١٩٦٨دا، وتارێکی توندی لە بەردەم کۆشکی کۆماری داو هێرشی توندی کردە سەر هەریەك لە دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکا و شوێنکەوتەو هەوادارانی ئەو دوو وڵاتەی بە خیانەتکار ناوبرد.[١] هەوڵی گەورەی لەگەڵ ئەوەدا هەر لەو قۆناغەدا پارتی بەعس دروستکردنی پەیوەندی بەهێزی دیپلۆماسی، ئابووریی، سیاسیی‌و سەربازیی بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت‌و وڵاتانی دیکەی سەر بە بلۆکی سۆسیالیست، سەرجەم ئەم هەنگاو و هەڵوێستانەی دەسەڵاتی نوێی عێراقیش لە تێڕوانینی واشنگتۆنەوە هەنگاوی نەرێنی و دژ بە ڕۆژئاوا بوون لە پێناو زیاتر نزیکبوونەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت، عێراق هەوڵیدا سیاسەتێکی نەرم بە ئاڕاستەی حیزبی شیوعی عێراقی بگرێتەبەر[٢]. یەکێتی سۆڤیەتیش لەلایەن خۆیەوە کودەتای ١٧و ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ی بە کودەتایەکی سەربازی، کە لە لایەن گروپێك لە ئەفسەرانی سوپای ئەنجامدراوە، لە قەڵەم دا. لە سەرەتاوە سۆڤێت ڕەخنەو تێبینی تایبەتی خۆی لەسەر دەسەڵاتی نوێی پارتی بەعس هەبوو لە بارەی سیاسەتەکانی دژ بە حیزبی شیوعی‌و دەستگیرکردنی ئەندامەکانی، بەڵام لە پێناو ڕازیکردنی سۆڤێت و گۆڕینی هەڵوێستەکانی، پارتی بەعس بڕیاریدا ئازادی سیاسیی زیاتر بداتە حیزبی شیوعی[٣] و چالاکییە حیزبییەکانی.

لێرە بە دواوە لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مۆسکۆ بڕیاریدا سیاسەتی خۆی بە ئاڕاستەی عێراق بگۆڕێت‌و فشارەکانی لەسەر کەمبکاتەوە، چونکە مۆسکۆ وای دەڕوانی عێراق وڵاتێکی دژە ڕۆژئاوا و دژە ئیمپریالیزمە، بگرە لایەنگری سیستمی سۆسیالیزمە، لەپاڵ ئەوەدا ڕاگەیاندنی عێراق سەرجەم کردەوەو جوڵە سەربازییەکانی سۆڤێتی بە ئەرێنی گوزارشت لێوەکردو هەر لە مانگی ئابی ١٩٦٨دا ئەحمەد حەسەن بەکر ڕایگەیاند، کە یەکێتی سۆڤێت پێگەی یەکەمی لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا هەیە، ئەمە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە عێراق دەیویست لە ڕێگەی پەیوەندییە توندەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت‌و چینەوە ئامانجەکانی بپێکێت‌و بەردەوامی بە خەباتی خۆی دژ بە ئیمپریالیزم‌و هەژمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا بدات، هەر بە پاڵپشتی ئەو وڵاتانە، سیستمێکی نەتەوەیی-سۆسیالیستی لە عێراقدا بونیاد بنێت. هەر لەم قۆناغەدا یەکێتی سۆڤێت پاش فەڕەنسا بووە دووەم وڵاتی دابینکەری چەك و جبەخانەی سەربازی بۆ عێراق، بە تایبەت حکومەتی بەعسی عێراقی پێویستییەکی گەورەی بە چەکی یەکێتی سۆڤێت هەبوو، بە پلەی یەکەم بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد کە لە نێوخۆدا هەڵگیرسابوو، بۆ ئەم مەبەستەش شاندێکی عێراقی لە مانگەکانی (ئەیلول‌و تشرینی یەکەمی ١٩٦٨) بە مەبەستی کڕینی زیاتری چەکی سۆڤێت‌و یەدەگی پێویستی سەربازیی سەردانی یەکێتی سۆڤێتیان کرد.[٤] لە ٢٠-٢٥ی ئازاری ١٩٦٩ عەبدولکەریم

---

قیسی، جلد الثاني، الطبة الاولى، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٨٩، ص٩٥.

[١] کۆن کۆگلن: سەدام و ژیانی نهێنی، و: لوقمان بایپر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٧.

[2] Patrik Kiely: Iraq and Balance of Power 1968-1979; American and Iraq, an temporary security studies, U.S.A, 2009, P.38.

[3] Haim Shemesh: Soviet-Iraqi relations 1968-1988in the shadow of Iraqi-Iran conflict, lynne rienner publishers, London, 1992, P.20-21

[4] Ibid, P24-26

شێخلی، وەزیری دەرەوەی عێراق لەگەڵ شاندێکدا سەردانی یەکێتی سۆڤێتیان کردو لەگەڵ گەورە کاربەدەستانی ئەو وڵاتەدا پەیوەندییە سیاسیو دیپلۆماتییەکانی عێراقو یەکێتی سۆڤێتیان هەڵسەنگاند، هەر لە میانەی سەردانەکەیاندا شاندی عێراقی سەردانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی کرد. لەم قۆناغەشدا تا دەهات پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتو وڵاتانی سەر بە بلۆکی سۆسیالیستی لە پەرەسەندندا بوو. لەپێناو پێکانی ئامانجی نێوخۆییو دەرەکییەکانی خۆیدا عێراق دەیویست گرنگی زیاتر بە پێگەو هەژمونی یەکێتی سۆڤێت لە عێراقو ناوچەکە بدات و لە ساڵی ١٩٦٩ لە چوارچێوەی سەرهەڵدانەوەی کێشەی شەتولعەرەب لە نێوان عێراقو ئێراندا، مۆسکۆ پاڵپشتی عێراقی بە چەکی قورس کرد، چونکە لە تێڕوانینی مۆسکۆوە ئێران وڵاتێکی هەواداری ڕۆژئاواو ئیمپریالیزم بوو. لە ٢٦ی ئایار- ٣ی حوزەیرانی ١٩٦٩ لە میانەی سەردانێکی بەرزان تکریتی وەزیری بەرگری عێراق بۆ مۆسکۆ، عێراق توانی پاڵپشتی زیاتری یەکێتی سۆڤێتو فڕۆکەی پێشکەوتووی جەنگی بەدەستبهێنێت، کە بۆ یەکەمجاربوو فڕۆکەی پێشکەوتووی لەوجۆرە بە دەستی هێزی ئاسمانی عێراق بگات.[١]

ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە دژایەتی دەسەڵاتی نوێی عێراقی دژ بە ئیمپریالیزم سەهیۆنیزم بۆ ڕوون بووەوە[٢]. لە یاداشتێکی هەریەك لە کاربەدەستانی ئەمریکی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا فۆستێر(Foster)و ڕۆستۆ(Rosto) لە ڕێکەوتی ٢٢ی تەموزی ١٩٦٨ جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە: "لەم کاتەی ئێستادا نازانرێت ئایا ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لە داهاتوودا ئاڕاستەیەکی ڕادیکاڵ دەبێت یان ئاڕاستەیەکی میانڕەو وەردەگرێت"[٣].

لە میانەی کارە توندوتیژییەکانی خۆیدا ڕژێمی عێراق لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٦٩ ژمارەیەك هاوڵاتی لە بەغدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە سێدارەدا کە لە نێویاندا (٩) جولەکەی تێدابوو، لە هەمان کاتدا ژمارەیەك هاوڵاتی ئەمریکی دەستگیر کرد، واشنتۆن سەرزەنشتی توندی ئەو ڕەفتارانەی حکومەتی عێراقی کردو لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی بولگاریاوە لە بەغدا، حکومەتی عێراقی بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە ئاگادارکردەوە[٤].

سەرجەم ئەم هەنگاوانەی دەوڵەتی عێراق کاریگەری گەورەیان کردەسەر هەڵوێستی ئەمریکا، تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ ئەمریکا بەئاشکرا ئەوەی ڕوون کردەوە، کە عێراق وڵاتێکی ڕادیکاڵی عەرەبی هەواداری یەکێتی سۆڤێتە. لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی هەژمونی یەکێتی سۆڤێت لە عێراقو

---

[1] Haim Shemesh: Op.Cit, P27-30

[2] F.R.U.S,1964-1968, Volume XXl, Memorandum From John W. Foster of the National Secretary Council Staff to President's Special Assistant Rostow, Subject: The Iraqi Coup, Washington, July 17,1968.

[3] F.R.U.S,1964-1968, Volume XXl, Memorandum From John W. Foster of the National Secretary Council Staff to President's Special Assistant Rostow, Subject: A Clear Picture of the Iraqi Coup, Washington, July 22,1968.

[4] Patrick Kiely; Op.Cit, p.40.

ناوچەکەدا، ئیدارەی (ڕیچارد نیکسن) بڕیاریدا پاڵپشتی ئێران دژ بە هەژمونی سۆڤێتو ڕژێمی نوێی عێراق بکات، بۆ ئەو مەبەستەش (هێنری کیسنجەر)،وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ هۆشەنگ ئەنساری باڵیۆزی ئێران لەویلایەتە یەکگرتووەکان کردو پاش کۆبوونەوەی نێوانیان، ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا پاڵپشتی گەورەی ئێران وەك وڵاتێکی هەواداری ڕۆژئاوا دژ بە هەژمونی یەکێتی سۆڤێت بکات، هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەمریکا بە بڕی (٦٠٠) ملیۆن دۆلار چەكو کەرەستەی سەربازی ڕەوانەی ئێران کرد[1].

هۆکاری سەرەکی ئەم پاڵپشتیانەی ئەمریکاش لە ئێران بە هۆي هاتنەسەركاري ئيدارەی نیکسن لە ساڵی ١٩٦٩و ساڵانی دواتر، ئەو پەیوەندییە نزیکەبوو کە عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت هەیبوو، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا بووە پاڵپشتی گەورەی ئێران بۆ ئەوەی هەژمونو پێگەی خۆی لە ناوچەی کەنداودا دژ بە عێراقو هەژمونی یەکێتی سۆڤێت زاڵ بکات، ئەم هەنگاوەیواشنگتۆنیش دەبووە هۆی هاوسەنگی هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە سەروی هەموشیانەوە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت[2].

مەیلی عێراق لە نزیکبوونەوە لە یەکێتی سۆڤێت بۆ چەند هاندەرێك دەگەڕایەوە. لەلایەك عێراق دەیویست لەسەر ئاستی نێوخۆیی پاڵپشتی سەربازی، سیاسییو ئابووریی سۆڤێت بەدەستبهێنێتو خۆی پێ بەهێز بکاتو کێشە نێوخۆییەکانی عێراق بە پاڵپشتی مۆسکۆ یەکلابکاتەوە، بە تایبەت کێشەی کورد. لەلایەکی دیکەوە، عێراق ئامانجی بوو لەسەر ئاستی هەرێمی، سۆڤێت بکاتە پاڵپشتی خۆی لە ململانێکان لەگەڵ ئێرانو یەکلاکردنەوەی کێشەی عەرەب ئیسرائیلو لاوازکردنی دەسترۆیشتوویی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە عێراقو ناوچەکەدا.

واشنگتۆنیش دژ بە سەرجەم هەنگاوو سیاسەتەکانی حکومەتی نوێی عێراق بوو، لەبەرئەوە بڕیاریدا پاڵپشتی لە ئێران بکات لەپێناو ڕوبەڕوبوونەوەی هەژمونی یەکێتی سۆڤێت لە عێراقو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە بە قسەی نیکسن سەرۆکي ئەمریکا بە ڕوونی وتی:"جیاوازیی نێوان ئامانجەكانماو ئامانجەکانی سۆڤێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر ئاسانە، ئێمە ئاشتیمان دەوێتو ئەوان ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیان دەوێت"[3]. لە هەمان کاتیشدا لاوازکردنی عێراق وەك وڵاتێکی دژە ڕۆژئاواو هەواداری یەکێتی سۆڤێت.

[1] Patrick Kiely; Op.Cit, P.38-39

[2] Kennetb O5ood; Eisenhower and the Regime change in Iraq, American and Iraq, contemporary security studies, U.S.A, 2009, P15.

[3] مايكل بي. أورين: القوة والإيمان والخيال(أمريكا في الشرق الاوسط منذ عام ١٧٧٦ حتى اليوم)، ترجمة: آسر حطيبة، الطبعة الاولى، كلمات عربية للترجمة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٨، ص٥١٥.

## تەوەری دووەم:

## ڕێککەوتنی کوردو حکومەتی عێراق لە ململانێی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت دا

لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستدا سەرکردایەتی حکومەتی عێراق گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو تواناووزە سەربازیەی عێراق هەیەتی، بەرگەی بەردەوامی شەڕ لە ناوچەکانی کوردستان ناگرێت، لە ساڵی ١٩٦٩یشدا (مورتەزا ئەلحەدیسی) کە ساڵی دواتر (ئازاری ١٩٧٠) بووە وەزیری دارایی عێراق، حکومەتی عێراقی لەو ڕاستییە ئاگادار کردەوە، کە بە هۆی جەنگی کوردەکانەوە خەزێنەی عێراق بەرەو بەتاڵبوون دەچێت[١]. ئەوە بوو دوای ڕەزامەندی هەردوو لایەنی کوردیو عێراقی بۆ گفتوگۆ، یەکێتی سۆڤێت لە ڕێگەی نوێنەری خۆی (یەڤگین بریماگۆڤ)ەوە، پەیامێکی ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق کرد، کە تێیدا جەخت لەسەر چارەسەری کێشەی کورد کرابوویەوە، بۆ زیاتر خۆشکردنی زەمینەی گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لا، بریماکۆڤ سەردانی مستەفا بارزانی کرد.[٢] سەرەتا گفتوگۆکانی هەردوو لا شێوازێکی نافەرمییانە بوو، بەڵام دواتر شێوازی فەرمییان وەرگرتو ئەنجامەکەشی بەیاننامەی (١١ی ئازاری ١٩٧٠)ی لێکەوتەوە کە لەلایەن (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق)ەوە ڕاگەیەندرا.[٣] لەم بەیاننامەیەدا بە شێوەیەکی باش حکومەتی عێراق دانی بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا نا، لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتبوو کە ئەوانیش: ئۆتۆنۆمی، بونیادی بەڕێوەبردنی پێکهاتەی ئۆتۆنۆمی، پەیوەندی نێوان حکومەتی مەرکەزیو بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی.[٤]

یەکێتی سۆڤێتیش دەیویست ئەم دۆخە نوێیەی عێراق بۆ سودی هەژمونی خۆی لە عێراق وەك هەلێك بقۆزێتەوە، پێش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار)یش دەسەڵاتدارانی عێراق بەوە ڕازیبوون کە یەکێتی سۆڤێتوەك لایەنی سێیەم ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان کوردو حکومەتی عێراق ببینێت[٥]. هەربۆیە تێبینی دەکەین، ئەمریکا بە وردی ئاگاداری ئەوەبوو، کە یەکێتی سۆڤێت ڕۆڵێکی کردەییو چالاکی هەبوو لە ڕێکەوتنی کوردو حکومەتی ناوەندی عێراق[٦]. ئەمە ڕاستییەکی واقیعیش بوو، لەبەرئەوەی یەکێتی سۆڤێتیش بەرژەوەندی لەوەدابوو کە هەردوو لایەنی کوردیو حکومەتی عێراقی

---

[١] شكيب عقراوى: سنوات المحنة في كردستان (اهم احداث السياسية و العسكرية في كردستان والعراق ١٩٥٨-١٩٨٠)، الطبعة الثانية، مطبعة منارة، اربيل، ٢٠٠٧، ص٢٩١.

[٢] فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵا: بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٠-٤١.

[٣] هـ. س، ل٣٦.

[٤] نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی قانیع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٩٨-٩٩.

[٥] د. فاضل رسول: كردستان و السياسة السوفيتية في شرق الاوسط، ترجمة: فسان نعمان، سليمانية، ٢٠٠٨، ص ٢٩١-٢٩٢.

[٦] اردشير پشنگ: كردها در ميان جنگ ايران و عراق(بررسى تاثير جنگ ايران و عراق بر جنبش مبارزاتى كردهاى عراق ١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپ اول، نشر مرزوبوم، تهران، ١٣٩٤، ص١٤٠.

بگەنە ڕێککەوتنامەیەك بۆ چارەسەری کێشەکانیان لە پێناو سەقامگیری دۆخی عێراق.[١]

لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ١٩٧٠) خودی (لیۆنۆ بریجنێڤ)ی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت، بروسکەیەکی بەهۆی بەیاننامەی (١١ی ئازار)ەوە ئاراستەی (مستەفا بارزانی)کرد، هەروەها لە بروسکەیەکی تردا بۆ (ئەحمەد حەسەن بەکر)ی سەرۆك کۆماری عێراق، (نیکۆلای بورگرنی) سەرۆکی دەستەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بالآی سۆڤێتو ( ئەلێکسی کۆسیجێڤ)ی سەرۆك وەزیرانی یەکێتی سۆڤێت کرد، وێرای پیرۆزباییکردنی بەیاننامەکە، پێیانوابوو جێبەجێکردنیشی دەبێتە هۆی پتەوبوونی دۆستایەتی هەردوو گەلی کوردو عەرەبو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی عێراقدا. زۆرینەی پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهانیش پێشوازییان لەم هەنگاوە سیاسییە کردو هەندێکیان بروسکەو نامەی پیرۆزبایان ئاراستەی کاربەدەستانی عێراقو کوردستان کرد، هۆی سەرەکی ئەم هەڵوێستەشیان لەوەوە سەرچاوەیگرتبوو کە یەکێتی سۆڤێت ڕۆڵی سەرەکی لە سەرخستنی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کوردو حکومەتی عێراقدا گێڕابووو دواتریش پاڵپشتی لێکرد[٢].

دوابەدوای بەیاننامەی (١١ی ئازاری/١٩٧٠)و ڕێککەوتنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق، ئەمریکا هەستی بە نیگەرانی دەکرد لە بەرامبەر دزەکردنی سۆڤێت بۆ ناوچەکە، هەرچەندە واشنگتۆن پێی وابوو، ئەو ڕێکەوتنە بەشێك نییە لە ستراتیجییەتی کرملین، بە هۆی ئەوەی بە ڕوونی دیارنەبوو سۆڤێت تا چەند کاریگەریی هەبووە بەسەر ئەو ڕێکەوتنەوە، بە تایبەت ئەگەر تێبینی بکەین هەڵوێستی سۆڤێت بە نیسبەت کوردەوە لەوکاتەدا جێگیر نەبوو، بە هۆی ترسی مۆسکۆ لە زیانگەیانن بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تارانو ئەنکەرە لە ڕێگەی پلانی "ڕێڕەوی کوردی-Kurdish Corridor" بە درێژایی سنور[٣]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەجێ لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانیەوە کەوتە جموجوڵو سەرەتای دەستپێکی نوێو یەکێك لەو کەناڵە گرنگانە ئێران بوو، هەر لەم کاتەدا مستەفا بارزانی بەرەو ئێران بەڕێکەوتو چاوی بە شای ئێران کەوتو لەو چاوپێکەوتنەیاندا شا بە ناوی خۆیو ئەمریکاوە بەڵێنی زۆری بە مستەفا بارزانی دا، بەو مەرجەی ڕێککەوتنامەکە لەگەڵ حکومەتی عێراق هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام مستەفا بارزانی ئەم داوایەی شای ئێرانی قبوڵ نەکرد.[٤]

ئێران وەك وڵاتێکی هەرێمی دژایەتی توندی بەیاننامەی (١١ی ئازار)ی کرد، لەم هەڵوێستەیشیدا دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلی لە پشت بوو.[٥] لێرەداو لە پاڵ ئەو

---

[١] شکیب عقراری: م.س، ص٢٦٩.

[٢] فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵا: س.پ، ل٧٣.

[3] Bryan R. Gibson: US foreign policy, Iraq, and the Cold War 1958-1975. A thesis submitted to the London School of Economics and Political Science Department of International History for the degree of Doctor of Philosophy, United Kingdom, 2013, P.189-190.

[٤] عومەر نورەدینی: سیستمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٩٩.

[٥] فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵا: س.پ، ل ٦٨.

پێشوازییە گەرمەی یەکێتی سۆڤێتو دۆستەکانی لە بەیاننامەی (١١ی ئازار)یان کرد، بەڵام وڵاتانی وەك ئێران، ئەمریکاو ئیسرائیل هەڵوێستی نەرێنییان نواند، چونکە دژ بە هەژمونی یەکێتی سۆڤێت بوون لە ناوچەکەدا[١]. هەر هەنگاوێکی نزیکبوونەوەی نفوزی سۆڤێتیان بە لێدان لە هەرەمی دەستڕۆیشتوویی سیاسی، ئابووریو ئاسایشی خۆیانو لاوازکردنی ڕژێمە هەوادارەکانی ڕۆژئاوا، دەزانی.

لێرەدا دژایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەرامبەر واژوکردنی ڕێکەوتننامەی (١١ی ئازار)، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە تێڕوانینی ئەوانەوە سەقامگیربوونی عێراق دەبووە هۆی زیاتر بەهێزبوونی ئەو وڵاتەو زاڵبوونی زیاتری هەژمونی یەکێتی سۆڤێت لە ناوچەکەدا، بێگومان ئەوەش دژی بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا بوو، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا دەیویست شۆڕشی کورد لە پێناو لاوازکردنی حکومەتی عێراق بەردەوام بێت، چونکە عێراق لە دۆخی لاوازیدا نەیدەتوانی ببێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیو هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بێ دواکەوتن ڕۆژنامەکانی سۆڤێت ئەم نیازانەی ئەمریکاو ڕۆژئاوایان بە سیاسەتی"مۆنۆپۆلی ڕۆژئاوایی" دژی عێراق دایەقەڵەم. بۆ نموونە، لە تشرینی دووەمی ١٩٧١دا، ڕۆژنامەی پراڤدا(Pravda) یەکێك لە بەرپرسە دیارەکانی خۆی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بەناوی پاول دمشینکۆ(Pavel Demchenko) ئەوەی خستەڕوو، کە نائارامییەکانی ناوچە کوردییەکان تەنها یەکنەگرتوویی بەعس، پارتی کۆمەڵگەی عێراقیو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نییە، بگرە:"دەسیسەی هێزە ئیمپریالیستەکانو کۆمپانیا نەوتییەکانیانو وەکیلەکانیانە". دمشیکۆ دیدگای سۆڤێتی ڕوونکردەوە، کە ململانێی نێوان عەرەبو کورد دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ هێزە ئیمپریالیستەکان:"پارێزگاریی لە پێگەیان لە ئابووریی عێراقو قازانجەکانیان لە نەوتی عێراقدا بکەن"[٢]. ئەم تێڕوانینەش لەخۆوە نەبوو، بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی، مستەفا بارزانیو ئەمریکییەکان لە ئابی ١٩٦٩ ڕێکەوتبوون هیچ پەیوەندییەك لە نێوان جوڵانەوەیکوردو یەکێتی سۆڤێت نەبێت نە لەوکاتەو نە لە داهاتوشدا. بزوتنەوەی کورد دەبێت دوژمنی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم بێتو پارێزگاریی لە "جیهانی ئازاد" بکات[٣].

---

[١] هـ.س، ل ٧٣.

[2] Oles M. Smolansky with Bettie M.Smolansky: The USSR and Iraq; The Soviet Quest for Influence, Duke University Press, U.S.A, 1991, P.52-53.

[٣] بدون مؤلف: بارزانی و قیادە مؤقت- عوامل سیا، مترجم: جهانشاه دهکروی، انتشارات تاریخ، تهران، شهریور ١٣٥٨، ص١٧.

## تەوەرەی سێیەم:

## ئەمریکاو پەیماننامەی دۆستایەتی عێراق-سۆڤێت ٩ی نیسانی ١٩٧٢

لەپاش بەیانی ١١ی ئازار و وەستانی شەڕی نێوان کوردو حکومەتی عێراق، دەسەڵاتدارانی بەغداد پێیانوابوو دەبێت هەرچی هەوڵی خۆیان هەیە لەپێناو بەهێزکردنی دەزگای سەربازیو ئاسایشی لەوڵاتدا بیخەنەگەڕ، بۆ ئەم مەبەستەش عێراق پێویستییەکی گەورەی بە یەکێتی سۆڤێت هەبوو بۆ ئەوەی پێداویستییە سەربازییەکانی لە چەکی قورسو مۆدێرن بۆ دابینبکات[١]. سۆڤێتیش لە پێناو برەودانی زیاتر بە هەژمونی خۆی لە ناوچەکەدا، پێی وابوو پێویستە لە پارتە نەتەوەییەکانی وەك پارتی بەعس لە ناوچەکەدا نزیکبێتەوەو دۆستایەتی لەگەڵ دروستبکات[٢]. لێرەدا سەرجەم بەرژەوەندییە هاوبەشو ستراتیژییەکانی نێوان عێراقو یەکێتی سۆڤێت لەباربوون بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕێککەوتنامەیەکی بەهێزەوە جۆری پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێکبخەن. ئەوە بوو دوای وتووێژو ڕاگۆڕینەوە لە ڕێگەی نوێنەرایەتی هەردوولاوە، (ئەحمەد حەسەن بەکر)و (کۆسنجین) لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢ پەیماننامەی دۆستایەتی نێوان عێراقو یەکێتی سۆڤێتیان واژۆکرد، ئەم پەیماننامەیەش بەشێك بوو لە سیاسەتی جیهانی یەکێتی سۆڤێت لەگەڵ وڵاتانی دژ بە ئیمپریالیزم بەسەرکردایەتی ئەمریکاو پەرەپێدانی زیاتری سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا، بە هەمان شێوەی ئەو پەیماننامە دۆستایەتییەی لەگەڵ میسر لە ئازاری ١٩٧١ واژۆی کردبوو، عێراقیش دووەم وڵاتی عەرەبی بوو، کە سۆڤێت پەیماننامەی لەم شێوەیەی لەگەڵ واژۆ بکات. بەندی یەکەمی پەیماننامەکەش جەختی لەسەر بەردەوامی پەیماننامەکەو پاراستنی ئاسایشوسەقامگیریو سەروەری عێراق دەکردەوە، هەروەها پاراستنی عێراق لەهەر چەشنە دەستێوەردانێکی دەرەکی، عێراقیش پێویستییەکی گەورەی بەم پەیماننامەیە هەبوو لە پێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی سۆڤێت بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی لە سەرجەم لایەنەکانو هەنگاوەکانی بەرەوخۆماڵیکردنی نەوت هەبوو[٣]. لە بنەڕەتیشدا ئەم پەیماننامەیە ڕۆڵێکی گەورەی لە بەهێزکردنو تۆکمەکردنی جومگەکانی پارتی بەعس لە عێراقدا هەبوو[٤]، چونکە پەیماننامەکە بۆ ماوەی پانزە ساڵ هاوکاری سیاسیی، ئابووریو سەربازیو تەکنیکی نێوان هەردوولای لەخۆدەگرت[٥]. بەغداد بەم هەنگاوە مەبەستی بوو، هەر هەنگاوێك لە داهاتوودا گەرێنتی بکات لە بەرامبەر هەڕەشەی ئەمریکاو هاوپەیمانە هەرێمییەکانی بەتایبەت ئێران، کە دژایەتی هەر هەنگاوێکی بەهێزبوونی عێراق بوو لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. چ جای ئەوەی ئەو پێشکەوتنە لە سایەی پشتیوانیو گەرێنتی سۆڤێتدابێت.

ڕیچار هێلمز(Richard Helms) بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (C.I.A) لە ڕاپۆرتێکی

---

[١] ایوب بارزانی: الحركة التحرية الكوردية و صراع القوى الاقليمية و الدولية١٩٥٨-١٩٧٥، دار النشر الحقائق، سويسرا، ٢٠١١، ص٣٦١.

[٢] فاضل رسول: م.س، ص ٣١٥.

[3] Haim Shemesh: Op.Cit, P.70-71.

[٤] م.س.لازاریف: مێژووی کوردستان، و:وشیار سەنگاوی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٠٩.

[5] Patrik Kiely: Op.Cit, P.39.

(١٢ی ئایاری ١٩٧٢)دا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە "پێدەچێت ئەم پەیماننامەیە ببێتەهۆی بەهێزکردنی زیاتر پێگەی سیاسیو سەربازی یەکێتی سۆڤێتو چەسپاندنی هەژمونی سەربازی لە کەنداوی فارسدا"[١]، هەروەها گەورە کاربەدەستانی ئەمریکا پێیانوابوو ئەم پەیماننامەیە ڕێگەخۆشکەرە بۆ زیادبوونی پێگەو دامەزراوە دەریاوانییەکانی یەکێتی سۆڤێت لە بەندەرەکانی عێراقو ناوچەی کەنداودا، لەلایەکەوە باڵادەستی یەکێتی سۆڤێت لە هێزی ئاسمانی عێراق[٢]. هەروەها ئەمریکا پێی وابوو، یەکێتی سۆڤێت بایەخێکی زۆری بە دەسەڵاتو پێگەی خۆی لە عێراق داوەو ئامادەش نییە لە دەستی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە پاڵپشتی گەورەی مانەوەی ڕژێمی بەعس لە دەسەڵات[٣].

هەروەك تێبینی دەکەین ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا(N.S.C) کە لەلایەن هەریەك لە (هارۆڵد سەندێز_Harold saunders)و (ساموێل هیسکینسۆن- Samuel Hiskinson)ەوە بۆ (هێنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوە، ئامادەکرابوو. ئاماژەش بەوەدراوە، کە هەریەك لە عێراقو سوریا دوو وڵاتی نەشیاوی هەواداری سۆڤێتو بەرگریکاری بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤێتن لە ناوچەکەدا[٤]. لەلایەکی ترەوە ڕاپۆرتەکە پێشبینی ناسەقامگیری ناوچەکەی لە ئەنجامی کاردانەوەی شای ئێرانی دژ بە پەیماننامەی عێراقی-سۆڤێتی کردووە.[٥]

لەم قۆناغەشدا کاربەدەستانی باڵای ئەمریکی تەنها لەکۆنترۆڵکردنی خاکەکەی نەدەترسان، بەڵکو لەو باوەڕەدابوون، ئایدۆلۆجیای نیمچەکۆمۆنیزمی سۆڤێتی کاربکاتە سەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقو پاشان مەترسییەکانی بۆ سەروڵاتانی دراوسێو سەرجەم بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەی کەنداو تەشەنەبکات، هەروەها واشنگتۆن وای دەبینی پارتی بەعس لەدوای بەهێزبوونییەوە هەوڵی ڕوخاندنی هەریەك لە کوەیت، بەحرێنو ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی دەدات، لەگەڵ ئەوەدا دژایەتی شای ئێران دەکاتو کەمینەی عەرەبی لە خوزستان(ئەهواز) لە دژی هاندەدات[٦]. بەکورتی ترسی ئەمریکای بردە ئاستێکی باڵاوە.

بە هۆکاری ئەو مەترسیيانەش، ئەمریکا دوودڵ نەبوو لەوەی کە لە ڕێگەی هاوکاریو پاڵپشتی دۆستو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، ڕژێمی بەعسی عێراقی لاواز بکات، یان بە تەواوەتی بیڕوخێنێت، دواجار لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت بەر بە باڵادەستی سۆڤێت لە عێراقدا بگیرێتو نەهێڵرێت مەترسییەکانی بۆ سەروڵاتانی ناوچەکە تەشەنە بکات[٧]. کاربەدەستانی باڵای سۆڤێتیش بە

---

[1] FRUS,Vol 4, Intiligence memorandum, Washington, 12 April 1972.

[٢] لوکمان میهۆ: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق)، و: وریا ڕەحمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٤١.

[3] Haim Shemesh: Op.Cit, P.251.

[4] FRUS, Vol.E.4, Merandum from Harold Sandres and Samuel Hiskinson to Henry Kisinger, Washington 17 may 1972.

[5] Ibid

[6] Robertb in the House of Representative, Soviete Union and Poison Gas, By; Robert J.Huber, November,1973.

[7] Robertb in the House of Representative, Soviete Union and Poison Gas, By; Robert J.Huber, November,1973.

تەواوی لەو ڕاستییە تێگەیشتبوون، کە ئەمریکاوولآتانی ڕۆژئاوا ناتوانن لە بەرامبەر بەهێزبوونی عێراق بە تایبەت لە ڕوی سەربازییەوە بێدەنگ بن[١]. هەربۆیە سەرۆك (نیکسن)و (کیسنجەر)ی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، لە سەردانێکیاندا بۆ یەکێتی سۆڤێت چاویان بە بەرپرسانی ئەو ولآتە کەوت. وەك (کیسنجەر) لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند، هەردوو ولآت گەیشتونەتە لێکتێگەیشتن سەبارەت بە کەمکردنەوەی ململانێی هەڵکشاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ڕێگەچارەیەکی هەمەلایەنە، بەتایبەت کەمکردنەوەی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لە ناوچەکە، مەبەست ولآتانی عەرەبی بوو بەتایبەت عێراقو میسر، کە سەرچاوەی ئەو چەکانە مۆسکۆو واشنگتۆنو هاوپەیمانەکانیان بوون[٢]. هەر بۆیە بەشێکی زۆری شارەزایان لەو باوەڕەدان پشتیوانی (نیکسن) لە کورد، وەك کاردانەوەی ئەمریکابوو بەرامبەر پەیمانی شۆڤێتی-عێراقی، بە پشتبەستن بە"لۆژیکی جەنگی سارد". ئەویش بە نیگەرانییو دوودڵی ئەمریکا لە بارەی گرنگی ڕوولەزیادبوونی پێگەی عێراق بۆ سۆڤێت[٣].

بەپێی تێڕوانینی (نیکسن)، (کیسنجەر)و (شا) لە ٣٠ی نیسانی ١٩٧٢ لە تاران، ئەمریکا بڕیاریدا هەرچی چەکی قورسی ڕێپێدراوی نێودەوڵەتی هەیە بە ئێرانی بفرۆشێت، لە بەرامبەریشدا ئێران پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات، لەنێو ئەو چەکانەدا فرۆکەی پێشکەوتووی جۆری (F14)و (F15)و بۆمبی لەیزەری تێدابوو. هەرچەندە ئەم هەنگاوەی ئەمریکا لەلایەنوەزارەتی بەرگریو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا (N.S.C)ەوە ڕەخنەی توندی ئاڕاستەکرا، بەوپێیەی ئێران لە داهاتودا دەبێتە سەرچاوەی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا، بەڵام (هێنری کیسنجەر)ی‌وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەوەڵامی ئەو ڕەخنانەدا باسی لەوەکرد کە:" ئەو چەکانەی بە ئێران فرۆشراون چەکی ڕێگەپێدراوی نێودەوڵەتین" پاشان پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئەوە باشترین هەنگاوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ناوچەکە[٤]. بەرامبەر نزیکبوونەوەی سۆڤێت لە ناوچەکە.

بەمشێوەیە پەیماننامەی نێوان عێراق-سۆڤێت، ڕۆڵی بەرچاوو کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی عێراق هەبوو، بە تایبەت لە ڕووی سیاسیو سەربازییەوە، لە هەمانکاتدا کاریگەری گەورەی لەسەر بەهێزبوونی هەژمونی سۆڤێت لە عێراقو ناوچەکە هەبوو، بەڵام ئەم پەیماننامەیە پێچەوانەی ستراتیژو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوو لە ناوچەکە، لەبەرئەوە زۆر بە خێرایی ئەمریکا ڕووبەڕووی کاریگەرییەکانی ئەو پەیماننامەیە لە ناوچەکەدا بووەوەو یەکەم هەنگاویشی پڕچەککردنی ئێران بوو بۆ ئەوەی وەك هێزێکی هەرێمی کاریگەر بەرامبەر عێراقو هەژمونی سۆڤێت لە ناوچەکە بوەستێتەوە، هەروەها ئەم پەیماننامەیە هەریەك لە عێراقو ئێرانی بردە قۆناغێکی نوێ لە ململانێی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتەوە.

---

[١] ایوب بارزانی: م.س، ص٣٤٤.

[2] William Blum: Killing hope ;U.S. military and CIA interventions since World War II, 4th Printing, Common Courage Press, 1995, P.242.

[3] Bryan R. Gibson: US foreign policy, Iraq, and the Cold War 1958-1975, P.177-178.

[4] Patrick Kiely: Op.Cit, P.44-45.

## تەوەرەی چوارەم:
## خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقو بەرەی نیشتیمانی عێراق لە ململانێی یەکێتی سۆڤێت و ئەمریکادا

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، یەك لەو کارانەی حکومەتی عێراقی پێی هەستا، گێڕانەوەی کێڵگە نەوتییەکان بوو بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی عێراق یاسای ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٦١ی دەرکرد، کە بەپێی ئەم یاسایە دەبوو (99%٥)ی کێڵگە نەوتییەکانی عێراق بکەوتنایەتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە[١]. ساڵی ١٩٦٧یش یاسای ژمارە (٩٧)و چەند یاسایەکی دیکە دەرچوون، کە سەرجەمیان پەیوەندییان بە سنورداركردنی دەسەڵاتی کۆمپانیا بیانییەکانەوە هەبوو[٢]. (سەدام حسین)، کە جێگری (ئەحمەد حسن بکر)بوو لە سەردانێکی بۆ مۆسکۆ لە شوباتی ١٩٧٢ لە پێش خۆماڵی کردنی نەوت لە وتارێکدا ئاماژەیدا بە بەرەوپێشچوونی گەورە لە هاریکاریی هونەریو ئابووری لە نێوان هەردوو وڵاتدا بە ڕوونی ئاماژەی بە یارمەتییەکانی مۆسکۆ دا بۆ بەغداد لە پێناو خۆڕزگارکردنی لە ململانێی کۆمپانیا قۆرخکارییەکانو گەرێنتی کردنی سەروەریی مافی خاوەندارێتی عێراق بەسەر دەرامەتە سروشتییەکانیدا. سەدام لە کۆتایی وتارەکەیدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خۆماڵییکردنی نەوت وتی:" عێراق پشت بە هێزی تایبەتیو یارمەتی دۆستایەتی پێش هەمووان بە سۆڤێت دەبەستێت. ئێمە بە شێوەیەکی باڵا[ئەو یارمەتیو پشتیوانییە] دەنرخێنین"[٣]. لە سەردانێکی دیکەی سەدام حسێن، جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بۆ سۆڤێت لە (١٩ی نیسانی ١٩٧٢) پرۆتۆکۆڵێکی دیکەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت واژۆکرد، کە لە بەندی یەکەمیدا هاتبوو:"یەکێتی سۆڤێت پشتیوانی خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق دەکات"[٤].

پاش شکستی کۆبوونەوەی ٣١ی ئایاری ١٩٧٢ لە نێوان حکومەتی عێراقو کۆمپانیاکانی نەوتو زیادکردنی پشکی عێراق لە بەرهەمهێنانی نەوتو سودی کۆمپانیاکانو بەدەستهێنانی پاڵپشتی یەکێتی سۆڤێت بۆ عێراق، (ئەحمەد حەسەن) بەکری سەرۆك کۆماری حکومەتی عێراق لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١ی حوزەیراندا خۆماڵیکردنی نەوتی بە پێی بڕیاری ژمارە (٦٩)ی ساڵی ١٩٧٢ ڕاگەیاند[٥]و (کۆمپانیای نەوتی عێراقی I.C.P) جێگەی کۆمپانیاکانی گرتەوە. مۆسکۆش پشتیوانی خۆی بۆ عێراق دەربڕی لە ئەگەری ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو کۆمپانیا بیانیانەی پشکی بەرهەمهێنانی نەوتیان لە عێراق هەبوو، لێرەدا مۆسکۆ بەرژەوەندی لە خۆماڵیکردنی نەوتی ئەو بەشانەدا هەبوو، کە دژە ڕۆژئاوا بوو، بە شێوەیەکی تایبەتیش بە پشتبەستن بە پەیماننامەی دۆستایەتی نێوان یەکێتی سۆڤێت

---

[١] عبدالخالق حسين: ثورة ١٤ تموز العراقية و عبدالكريم قاسم، دار المهاد، دمشق، ٢٠٠٢، ص١٤٩.

[٢] فەرهاد حەمزە محمد: مێژووی نەوتی کەرکوك، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٩.

[3] Oles M. Smolansky with Bettie M.Smolansky: Op.Cit, P.53.

[٤] فەرهاد حەمزە محمد: س.پ، ل٣٩.

[٥] ابراهيم رسول حسين العامري: م.س، ص١٣٦.

و عێراق دا- سۆڤێت پاڵپشتی تەواوەتی عێراقی لەم کارەدا دەکرد. لەم کاتەدا یەك لەو کێشانەی ڕووبەڕووی عێراق بوویەوە ساغکردنەوەی بەرهەمە نەوتییەکانی بوو لە بازاڕەکانی جیهاندا، چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا بایکۆتی کڕینی نەوتی عێراقیان کرد، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە یەکێتی سۆڤێت هەستا بە گواستنەوەی ئەو نەوتەی عێراق، کە لە ڕێگەی بۆرییەوە دەگەیشتە بەندەری (بانیاس)ی سوریاو لە بازاڕەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلاَت ساغی دەکردەوە، لە پاڵ ئەوەدا یەکێتی سۆڤێت خۆیشی بووە یەکێك لە کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی عێراق، کە هەر لە سەرەتاوە بڕی (٢)ملیۆن تەن نەوتی لە عێراق دەکری[١].

لە هەنگاوێکی دیکەداو بۆ لێدانی زیاتری هەژمونی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، عێراق ویستی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت کۆمپانیایەکی هاوبەشی گواستنەوەی نەوت پێکبهێنێت، پاشان بۆ پێکەوەبەستنی چاڵە نەوتییەکانی باشورو باکوری وڵات، بە کۆمپانیاکانی فەرەنساو ژاپۆن بەستەوە[٢].

ئەمریکا لەو پشتیوانییەی یەکێتی سۆڤێت بۆ خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق تەواو نیگەران بوو، چونکە واشنگتۆن ئەم کارەی بە هەنگاوێك بۆ دەرچوونی عێراق لەژێر هەژمونی کۆمپانیا سەرمایەدارەکان لە قەڵەمدا، لە هەمان کاتدا ئەمریکا نیگەرانی ئەوەبوو، کە بەردەوام سۆڤێت لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی پێویستە[٣]. لەم قۆناغەشدا خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقی گەورەترین کێشەبوو، کە بووە هۆی گرژبوونی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق‌و ئەمریکا، لێرەداو بەهۆی خۆماڵیکردنی نەوتەوە عێراق ئابوورییەکی پتەوی بەدەستهێناو داهاتێکی زۆری دەستکەوت، بەمشێوەیە دەیتوانی بەهۆیەوە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات‌و لە کاتی پێویستیشدا نەوتیان لێ ببڕێت[٤] و وەك چەکێك دژ بەوڵاتانی ئەمریکاو ئەورووپا بەکاریبهێنێت.

لە بنەڕەتیشدا دژایەتیکردنی ئەمریکا بۆ حکومەتی عێراقی‌و سەرکردەکانی، کارێکی ڕوون‌و ئاشکرابوو، ئەمریکا دژایەتی توندی ئایدۆلۆژیاو ئامانجەکانی پارتی بەعسی دەکرد لە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سۆسیالیستی-ناسیۆنالیستی عەرەبی، بەردەوامیش چاودێری هەوڵە فراوانخوازییەکانی عێراقی دەکرد بە تایبەت لە ناوچەی کەنداودا، هەروەها هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت لە زۆربەی ئاستەکانداو دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا، کاریگەری دیاری بۆ سەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق‌و هەژمونی سۆڤێت لە عێراقدا دروستکردبوو[٥].

---

[1] Haim SHemish: Op.Cit, P.78-79 .١٣٧-١٣٦.

[٢] ئەمیر عەبدوڵا: کاریگەری نەمانی یەکێتی سۆڤێت لەسەر دنیای عەرەبی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ(٢)، تشرینی دووەمی ١٩٩٧، ل١٦٧.

[٣] لوکمان میهۆ :س.پ، ل٢٤

[٤] ڕێبوار کەریم مەحمود: پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ(٥٣)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل١٣٧.

[٥] انیس الدغیدی: C.I.A و ملفات الحکام العرب، ت: طة عبدالروف سعید، دارالکتاب العربی، دمشق، ٢٠٠٦، ص ٢٣٧-

لەپێناو ڕوبەڕوبوونەوەی هەڵوێستە نەرێنییەکانی ئەمریکا، عێراق هەوڵیدەدا پاڵپشتی نێودەوڵەتی زیاتر بۆ پرۆسەکەی بەدەستبهێنێت، لێرەدا یەك لەووڵاتە ڕۆژئاواییانەی پشتی پێبەست فەرەنسا بوو، فەرەنساش پاش ئەو جیاوکە نەوتییەی پاش خۆماڵیکردنی نەوت بەدەستیهێنابوو پشتگیری عێراقی دەکرد، لێرەدا تێڕوانینی دژ بەیەکی فەرەنساو ئەمریکا بەرامبەر عێراق هاتبووەکایەوە. لە هەنگاوێکی دیکەیدا عێراق هەوڵیدا لە ڕێگەی قەرەبووکردنەوە کۆمپانیا بیانییەکان ڕازی بکات، هەرچەندە ئەو قەرەبووەی سەرەتا کۆمپانیا بیانییەکان داوایان کرد عێراق پێی ڕازی نەبوو، چونکە بڕەکەی بەلاوە زۆربوو، بەڵام دواتر بە نێوەندگیری فەرەنساو یەکێتی سۆڤێتو ژمارەیەك لەولاَتانی عەرەبی پرۆسەی قەرەبووکردنەوە بەئەنجام گەیشتو عێراق توانی بە پاڵپشتی یەکێتی سۆڤێت بەر بە سیاسەتو هەڵوێستەکانی ئەمریکا بگرێت[1] لە بەرامبەر دەسەڵات لە عێراقدا.

دواجار حکومەتی عێراق بە پاڵپشتیو هاوکاری یەکێتی سۆڤێتوولاَتانی دیکەی سۆسیالیستی، توانی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا، نەوتی عێراق خۆماڵی بکات، هەرچەندە لە ماوەی کورتی سەرەتایدا کۆسپو ئاستەنگی ئابووریو پەیوەندیی نێودەوڵەتی بۆ عێراق دروستکرد، بەڵام دواترو لەماوەی درێژمەودا دا، خۆماڵیکردنی نەوت کاریگەری گەورەی لەسەر ئابووریی عێراقو بوژانەوەی سەرجەم کەرتەکان لەموڵاتەدا هەبوو، ئەمریکایش دژایەتی توندی ئەم هەنگاوەی عێراقی کردو بە پرۆسەیەکی سۆڤێتی دژ بەوڵاتانی ڕۆژئاوای لەقەڵەمدا، چونکە کاربەدەستانی باڵای ئەمریکی پێیانوابوو سودمەندی یەکەم لەم پرۆسەیە یەکێتی سۆڤێتە، لەلایەکی دیکەوە مەترسی لەوە هەبوو، کە یەکێتی سۆڤێت عێراق بکاتە پێگەیەکی ستراتیژی بەهێز بۆ خۆی لەگەڵ عێراق مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی کەنداو دروستدەکەن، لەبەرئەوە بوو ئەمریکا دژایەتی توندی پاڵپشتی سۆڤێتی بۆ خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق کرد. بێگومان پێگەی ستراتیجی عێراق قەبارەی ئەم هەڕەشەیەی زۆر مەترسیدارتر کردبوو. جێ پێ داکوتانی مۆسکۆ دەیتوانی لە هەر کاتێکدا هەڕەشەبێت بۆ سەر هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە[2].

لەلایەکی دیکەوە، دوای پەیمانی دۆستایەتی عێراق-سۆڤێت لە (نیسانی ١٩٧٢)داو نزیکبوونەوەو هاوکاری زیاتری نێوان یەکێتی سۆڤێتو سەرکردەکانی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە بەغدا،وای لە یەکێتی سۆڤێت کرد فشار بخاتەسەر حیزبی شیوعی عێراقی بۆ ئەوەی هاوکاری حیزبی بەعس بکات، دوای چەندین هەنگاوو ڕاگۆڕینەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتیمانی[3] دواجار لە (١٧ی تەموزی ١٩٧٣)دا بەرەی دوو قۆڵی نێوان حیزبی بەعسو حیزبی شیوعی [4] لەژێر ناوی (بەرەی نیشتیمانیو نەتەوەیی پێشکەوتووخواز) پێکهات. یەکێتی سۆڤێتیش

---

.٢٣٨

[1] ادیث و ای و این بینروز: م.س، ص١٦٠-١٦٧.

[2] ڤی بی مارِ :مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕاني: حەمەشەریف حەمەغریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٥٧.

[3] شکیب عقراوی: م.س، ص٣٤٣.

[4] فەرەیدون عەبولڕەحیم عەبدوڵا: س.پ، ل١٣٤.

سەرکەوتووبوو لەوەی حیزبی شیوعی هاندا بۆ هاوکاریو پاڵپشتی حکومەتی عێراق، یەکێتی سۆڤێت حیزبی شیوعی لەو ڕاستییە ئاگادارکردەوە کە حیزبی شیوعی لە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێتە پارتێکی هاوبەشی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی لە عێراقدا.[١] پاش ئەوە بە ڕێنمایی پارتی بەعس، حیزبی شیوعی عێراقی هەوڵیدا بۆ ڕازیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك) بۆ ئەوەیوەك لایەنی سێیەم بچێتە ناو ئەو بەرەیەوە، بەڵام سەرکردایەتی پارتی ئەو شێوە بەرەیان ڕەتکردەوە، کە تێیدا دەسەڵاتی ڕاستەقینە بدرێتە پارتی بەعس، (پ.د.ك)و حیزبی شیوعیش ڕۆڵی لاوەکی تێدا ببینن.[٢] دوای ئەوەی (پ.د.ك) بەشداری ئەو بەرەیەی بەتەواوی ڕەتکردەوە[٣]. ڕاستی ئەم نکۆڵیلێکردنانەی (بارزانی) بۆ ئەو ڕێکەوتنە دەگەڕایەوە۔ کە لە مانگی ئابی ١٩٦٩ لەگەڵ ئەمریکییەکاندا ئیمزایکردبوو لە بەرامبەر پێدانی(١٤)ملیۆن دۆلارو هاوکاریی دیکەدا، یەکێك لە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتنە جەختیدەکردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە تەواوی دەرگاکان بە ڕووی کۆمۆنیستەکاندا ببەسترێت کە دەیانەوێت پەیوەستبن بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردیەو بە پێویستی زانیبوو بزوتنەوەی کورد بە هیچ جۆرێكو لە هیچ بابەتێکدا پارێزگاریی لە کۆمۆنیستەکان نەکات-چ جای بەشدارییکردن لە بەرەیەکدا یەکێك لە بەشدارە سەرەکییەکانی کۆمۆنیستەکانبن، هەروەها ئامانجی شۆڕش بە ڕابەریی (مستەفا بارزانی) دەبێت ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراق بێت، کە دوژمنی ئەمریکایە[٤]. لێرە بەدواوە کۆمۆنیستەکانی عێراق هاوتای بەعسییەکان تێدەکۆشان بە وتەی خۆیان:" (بارزانی) داردەستی ئیمپریالیزم سەرکوت بکەن" هەتا کورد لەو بڕوایەدابوو، سۆڤێت پارێزگاریی لە حکومەتی عێراق دەکات و فڕۆکەی سۆڤێتی بۆمبارانی کوردستانی کردووە. لە بەرامبەر ئەم بەرەیەی سۆڤێتی-بەعسی-کۆمۆنیستەکان، (بارزانی) چەندین جار ئەوەی ڕاگەیاند:" جگە لە ئەمریکا پشت بە هیچ زلهێزێك نابەستێت"و جەختیکردەوە ئەگەر کورد بە ئامانجەکانی بگات:" ئامادەن ببنە ویلایەتی پەنجاویەکەمی ئەمریکا"[٥]. بێگومان ئەم هەڵوێستەی کورد بۆ ئەمریکا، بەرامبەر فشاری بەرەی بەعسی-سۆڤێتی بوو۔ هەم هەوڵدان بوو بۆ بەکارهێنانو سوودوەرگرتن لە ئەمریکا وەك کارتی فشار بەرامبەر بە عێراق.

تێبینی دەکەین لەنێوان تشرینی دووەمی ١٩٧٣-شوباتی ١٩٧٤دا، ژمارەیەك لە حیزبە شیوعییەکانی جیهان (پ.د.ك)یان دایە بەر هێرشی ڕەخنەو بە قەڵاچۆکردنی شیوعییەکان لە کوردستان تاوانباریان کرد، حیزبی شیوعی عێراقیش دەیویست سود لەو جۆرەوتارو ڕاگەیاندنانە ببینێت بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی یەکێتی سۆڤێت[٦]. لەم قۆناغەشدا (پ.د.ك) وەزارەتی دەرەوەی

[١] شکیب عقراوی: م.س، ص ٣٤٣.

[٢] صلاح خرسان: صفحات من تاریخ العراق السیاسی الحدیث، ط ١، موسسة المعارف للمطبوعات، بیروت، ٢٠٠١، ص١٤٥.

[٣] فەرەیدون عەبولڕەحیم عەبدوڵا: س.پ، ل ١٣٩.

[٤] بدون مؤلف: م.پ، ص١٧.

[5] William Blum: Op.Cit, P.242-243.

[٦] فەرەیدون عەبولڕەحیم عەبدوڵا: س.پ، ل ١٣٩.

ئەمریکای ئاگادارکردەوە، کە یەکێتی سۆڤێتو عێراق بە هاوبەشی دەیانەوێت کوردەکان بخەنەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق لە بەغداد و مۆسکۆ بەردەوام فشاری سیاسی ڕاستەوخۆ دەکرایەسەر ڕێبەرە کوردییەکان بۆ ئەوەی پەیوەست بن بە (بەرەی نیشتیمانی) عێراقییەوە[١]. کاربەدەستانی باڵای ئەمریکا گەیشتنە ئەو بڕوایەی ئەگەر بێتو واشنگتۆن پاڵپشتی تەواوەتیو بەردەوامی شۆڕشی کوردەکان نەکەن، دواجار پەیوەستن بەو بەرە نەتەوەییو نیشتیمانیەی، کە یەکێتی سۆڤێت پشتیوانی لێدەکات، لە ئەنجامیشدا ڕژێمی بەعس دەتوانێت بێ هیچ کۆسپو تەگەرەیەك سیاسەتی دەستدرێژکارانەی لە ناوچەکە درێژە پێبدات، لەبەر ئەو هۆکارانە کاربەدەستانی ئەمریکی پێیان باشبوو پلانی ئۆپراسیۆنێك دابڕێژن، کە تێیدا ڕژێمی بەعس ماندووو لاواز بکەن یان لەوە زیاتر دۆخێك بهێننە ئاراوە، کە چەند لایەنێك تێیدا جێگەی حکومەتی عێراق بگرنەوە کەمتر دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بن لە ناوچەکەدا. لەلایەکی دیکەوە سیاسەتمەدارانی ئەمریکی پێیانوابوو بۆ دروستکردنی فشاری زیاتر بۆ سەر عێراق، پێویستە بەردەوامێتیو زیندووهێشتنەوەی بزوتنەوەی کورد قبوڵ بکەن[٢].

لەڕاستیدا ئیدارەی ئەمریکا بە هەموو شێوەیەك دژی پێکهێنانی (بەرەی نیشتیمانیو نەتەوەیی عێراقی) بوو، چونکە ئەم بەرەیەی بە هەواداری سۆڤێت دەزانیو تەنانەت بە هەڕەشەیەك بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە دادەنا، چونکە پێکهێنانی ئەم یەکگرتنە حکومەتی عێراقی یەکلادەکردەوە بۆ دروستکردنی مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێو بە تایبەت وڵاتانی کەنداو، سەبارەت بە کوردیش ئەمریکا بە تەواوەتی دژی بەشداری کورد بوو لەو بەرەیەدا، چونکە دوای بەشداری کورد لەو بەرەیدا، وەك ئێرانو ئیسرائیل فشاری بۆ سەر حکومەتی عێراق پێ دروست بکات، لە هەمان قۆناغدا ئەمریکا دەیویست لە ڕێگەی بەردەوامیدان بە پاڵپشتی کوردەکان، سەرکردایەتی کورد لەو بەرەیەوەو فشارەکانی یەکێتی سۆڤێت بۆ بەشداری کورد لەو بەرەیە بێ کاریگەربکات.

---

[١] لوکمان میهۆ :س.پ،ل٢٢١.

[٢] هـ.س، ل٢٤٤ . لەم قۆناغەشدا ئەمریکا پێی وابوو پێویستە پاڵپشتی تەواوەتی کوردەکان بکەن، بۆئەوەی ببنە سەرچاوەی ناسەقامگیری عێراقو شکستهێنانی هەوڵەکانی سۆڤێت بۆ بایەخدانی زیاتر بە حکومەتی بەرەی یەکێتی نیشتیمانی، کە دواتر دەبووەهۆی بەهێزبوونی زیاتری هەژمونی سۆڤێت. (هـ.س، ل ٢١٦).

## تەوەرەی پێنجەم:

## کاریگەری هەژمونی سۆڤێت لەسەر پاڵپشتی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد (١٩٧٢-١٩٧٤)

لەپێناو ڕوبەڕوبوونەوەی زیاتری هەژمونی یەکێتی سۆڤێت لە ناوچەکە، (ڕیچارد نیکسن)ی سەرۆکی ئەمریکا لە ٣٠ی نیسانی ١٩٧٢ سەردانی ئێرانی کردو لە میانەی دانیشتنێکی (شای ئێران)و (هێنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کیسنجەر نیگەرانی سەرۆکی ئەمریکای لەمەڕ کارە ڕادیکاڵییەکانی عێراق ئاشکراکردبوو.[١] پاش کۆبوونەوەی نێوانیان، هەریەك لە تارانو واشنگتۆن بڕیاریاندا پلانی ڕووبەڕووبوونەوە دابڕێژن، یارمەتیو پاڵپشتی کوردیش دژ بە حکومەتی عێراقی یەك لە بژاردە کردارییەکان بوو لە نێو پلانەکاندا[٢]. لە ئایاری ١٩٧٢دا، بە فەرمانی (نیکسن)، دەزگای C.I.A ملیۆنان دۆلار شۆڕشی کوردی پڕچەککرد و[٣] بەم جۆرە چەکی مارکەی سۆڤێتیو چین بۆ کۆمەککردنی شۆڕشگێرانی کورد نێردرا. واشنگتۆن ئومێدی دەکرد بەو هۆیەوە بتوانن حکومەتی عێراق بە کێشەی ناوخۆوە سەرقاڵ بکەن [٤] و هێزەکانی عێراق بێ کاریگەر بکەن، کە دژی ئیسرائیل [٥] و دۆستی نزیکی سۆڤێت بوو واتە لە یەك کاتدا بە کارتی کورد توندڕەوترین وڵاتی دژی تەلئەبیب لاوازدەکرد، کە عێراق بوو. لەلایەکی دیکەوە پشتیوانییەکانی مۆسکۆی لە گۆڕەپانی عێراقو ناوچەکە پاشەکشە پێدەکرد.

(شای ئێران) لە میانەی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ کورد، لە ڕێکەوتی (٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢)دا نوسراوێکی ئاڕاستەی (هێنری کیسنجەر) کردو تێیدا داوای کردبوو، کە پێشوازی لە نوێنەرانی کورد بکەن، کە بڕیاربوو بە مەبەستی بەدەستهێنانی کۆمەك‌و هاوکاری ئەمریکا، سەردانی ئەمریکا بکەن.[٦] دوای تاوتوێ کردنی زیاتری بارودۆخەکە، لە کۆبوونەوەیەکی نێوان (نیکسن)و (کیسنجەر) داو لە ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا، شای ئێران نامەیەکی بە ژەنەڕاڵ (مەنسورپور) دا ئاڕاستەی (مستەفا بارزانی) کردو تێیدا بڕیارەکەی ئەمریکای بۆ ڕونکردبوویەوە، هەروەها ڕەزامەندی ئەمریکای نیشاندابوو بۆ ئەوەی شاندێکی کوردی بچنە ئەمریکا بۆ وتووێژکردن لەسەر داهاتووی پەیوەندی نێوان هەردوولا[٧].

دوابەدوای ئەو ئاسانکارییەی (شای ئێران) بۆ نوێنەرانی کورد بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ

---

[١] د.گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو، و: حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٣٥.

[٢] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا(١٩٦١-١٩٧٥)، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٩٥-١٩٦.

[٣] اردشیر پشنگ: م.پ، ص١٤٠.

[٤] بدون مؤلف: م.پ، ص٢٠.

[٥] اردشیر پشنگ: م.پ، ص١٤١.

[٦] امین هویدی: کیسنجر و إدارة الصراع الدولی، الطبعة الاولی، دار الطبعة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٧٩، ص٧٦.

[٧] مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ، بەرگی ٣، بەشی دووەم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر, ٢٠٠٤، ل ٢١١-٢١٢.

کاربەدەستانی باڵای ئەمریکا [١]، هەریەك لە (مەحمود عوسمان)و (ئیدریس بارزانی) بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای ئەمریکی گەیشتنە واشنگتۆن، لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٢ چاویان بە هەریەك لە (ڕیچارد هێلمز- Richard Helms)ی بەڕێوەبەری C.I.Aو (ڕیچارد کەنەدی - Richard Kennedy) یاریدەدەری‌وەزیری دەرەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی، کەوت. لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا،واشنگتۆن بڕیاری ئەوەیدا، کە یارمەتی‌و کۆمەکی کورد بکات‌و پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبێت، بەڵام پەیوەندییەکە دەبێت نهێنی بێت [٢].

هەر لە سەرەتاوە لایەنی کوردی سالآنە داوای (٦٠)ی ملیۆن دۆلاری کرد، بەڵام‌واشنگتۆن ئەو بڕەی پێ زۆر بوو، ئەوەبوو سەرەتا ڕەزامەندی خۆی لەسەر (١٨) ملیۆن دۆلار دەربڕی، سەبارەت بە چەك‌و تەقەمەنییەکان، واشنگتۆن پێی‌وابوو ئەو چەکانەی بۆ کوردەکان دابین دەکرێن، نابێت ئەمریکی بن، پێویستە هەر لەو چەکانە بن، کە لە عێراق‌و ئێراندا هەن، یان دەبێت دروستکراوی‌وڵاتانی دیکە بن‌و ساڵانەش بڕی (٢٠٠٤١٩٠) دوو ملیۆن و چوار هەزارو سەدو نەوەدو یەك دۆلار بۆ کڕینی ئەو چەکانە دابین بکرێت [٣]. هەربۆیە زۆری نەبرد، دەزگای C.I.A کۆگاکانی چەکی خۆی بە ڕووی کورددا کردەوەو بە بەهای زیاتر لە (١٦) ملیۆن دۆلار چەندین جۆر چەك‌و کەرەستەی جەنگی بەتایبەت تفەنگی دروستکراوی سۆڤێت‌و چینی بە شۆڕشگێڕەکوردەکان دا [٤].

لە ڕوانگەی کاربەدەستانی باڵای ئەمریکییەوە هاوکاری‌و پاڵپشتی کورد بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەبوو، کە کوردەکان پێویستیان بە حکومەتی عێراقی نەبێت‌و حکومەتی عێراقیش نەتوانێت ناوچە کوردنشینەکان کۆنترۆڵ بکات، هەروەها پێیان‌وابوو، مانەوەی بزوتنەوەی کوردی تەنانەت لە ئاستی بەرگریدا بێت‌و تواناکانی عێراق لە دژایەتی ئێران، ئوردن، وڵاتانی کەنداو ئیسرائیل سنوردار دەکات [٥]. لەلایەکی دیکەوە کاربەدەستانی باڵای عێراق گەشتبوونە ئەو بڕوایەی، کە یارمەتیدانی نهێنی کوردەکان پیلانێکی ئەمریکییە بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی بەعس‌و پێگەی سۆڤیەت لەپێناو پاراستنی هاوپەیمانەکان‌و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە [٦]. لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەی واشنگتۆنەوە:"هەڕەشەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقی بە پاڵپشتی یەکێتی سۆڤێت بۆ سەر ژمارەیەك لە حکومەتە میانڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا وامان لێدەکات، کە هاوکاری (بارزانی) بکەین بۆ ئەوەی دژایەتیکردنی لەگەڵ ڕژێمی عێراق درێژە

[١] کاروان جوهر محمد: ئیدریس بارزانی(١٩٤٤-١٩٨٧) ژیان‌و ڕۆڵی سیاسی‌و سەربازی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٩٤.

[2] F.R.U.S, 1969-1976, Volume E 4, Document on Iran and Iraq, Memorandum on Conversation, Subject: Washington Meeting with Kurdish Representatives, July 5, 1972.

[3] F.R.U.S, 1969-1976, Volume E 4, Document on Iran and Iraq, Memorandum, Subject: Assistant to Iraqi Kurdish Leader Mulla Mustafa Barzani, July 18, 1972.

[4] William Blum: Op.Cit, P.242.

[٥] لوکمان میهۆ :س.پ، ل ٢٤٧.

[٦] هـ.س، ل ٢٥٧.

پێبدات"[١]. ئەم نزیکبوونەوەی ئەمریکاو کورد گەیشتە ڕادەیەك، کاتێك لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا، تەلئەبیب داوای لە کورد کرد هێرشبکاتە سەر سوپای عێراق تا نەپەرژێتە سەر شەڕی عەرەبی-ئیسرائیلی ١٩٧٣، بەڵام C.I.A لە نامەیەکیدا بۆ سەرکردایەتی کورد هۆشداریان دا:" بە ئاقڵانەی نازانین ئێوە دەست بە پەلاماری سەربازیی بکەن بە پێشنیاری ئیسرائیل"، کوردیش ئەم داوایەی ئەمریکای پەسەند کرد[٢].

جیا لەوە، ئەمریکا ئاگاداری ئەوەبوو، کە یەکێتی سۆڤێت بەردەوام عێراق بە چەکی مۆدێرن پڕچەك دەکاتو هەژموونی سەربازی خۆشی لە عێراق پەرەپێدەدات، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لەپێناو بەهێزکردنی زیاتری عێراق، یەکێتی سۆڤێت دەیویست کۆتایی بە ناکۆکی نێوان کوردو حکومەتی عێراق بهێنێت.[٣] هەموو ئەم هەنگاوانەش پێگەو هەژمونی یەکێتی سۆڤێتی لە عێراق زیاتر مسۆگەرتر دەکردو عێراقیشی لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەهێزتر دەکرد، ئەمەش بە تەواوەتی کاربەدەستانی باڵای ئەمریکی نیگەران کردبوو. بە بڕوای سیاسەتمەدارانی ئەمریکی، عێراق دوای سوودوەرگرتنی لە پاڵپشتییەکانی یەکێتی سۆڤێت بە تەواوەتی دەیتوانی کێشەو گرفت لە ناوچەی کەنداو دروستبکات، گەر بێتو ئەم کارە بۆ عێراق بچێتەسەر، ئەوا یەکێتی سۆڤێت داهاتویەکی باشتری لە ناوچەکە دەبێتو پێگەو دەسترۆشتویی خۆشی زیاتر لە ناوچەکە بەهێز دەکات [٤]. لە هەمان قۆناغدا بەڵگەنامە ئەمریکییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بۆ زاڵبوونی زیاتی حکومەتی عێراق بەسەر کوردەکاندا، یەکێتی سۆڤێت هەستاوە بە پێدانی چەکی کیمیایی بە عێراقو بەکارهێنانی لە ناوچە کوردییەکان[٥]، ئەمەش بۆ لاوازکردنی کارتی کوردەکان بوو دژی هەنگاوەکانی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی بلۆکی کۆمۆنیزم لە ناوچەکەو عێراق بەتایبەتی. لە هەمان کاتیشدا فشاربوو بۆ سەر کورد بۆ تەسلیم بوون بە بەرەی سۆڤێتی.

تێبینی ئەوە دەکرێت، سیاسەتمەدارانی ئەمریکی ئەوەشیان لەبەرچاوگرتبوو، کە پاڵپشتی نهێنی ئەمریکا بۆ کوردەکان پێشوەخت کۆمەڵێك کێشەی بەدوادا دێت، لە دیارترینیان ئەوەیە کە یەکێتی سۆڤێت ڕاستەوخۆ دێتە ناو کێشەکەوە[٦]، بەڵام ئەمریکا دەیویست لە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کوردو حکومەتی عێراقیدا، کوردەکان نەکەونەژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤێتەوە[٧]، چونکە لە دیدی ئەمریکاوە کوردستان تەنها شوێنێك بوو، کە دەبووە کۆسپ لە بەردەم زاڵبوونی هەژمونی یەکێتی سۆڤێت بەسەر عێراق و ناوچەکەدا[٨].

---

[١] هـ.س، ل ٢٥٨.

[2] William Blum: Op.Cit, P.243.

[٣] لوکمان میهۆ :س.پ، ل٢٤٥.

[٤] هـ.س ، ل ٢٦٨.

[٥] هـ.س ، ل٢٧٢.

[٦] هـ.س، ل ٢٣٧.

[7] William Blum: Op.Cit, p228

[٨] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بونیادنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١_١٩٧٥، چ٣، چاپخانەی ژیار،

لە ڕاستیدا سۆڤێت هەوڵی جدی دا تا ڕێگە لە جەنگی کوردو حکومەتی عێراق بگرێت، هەڵبەت سەرکەوتوو نەبوو[١]. بۆ نموونە، لە ١٣ی ئاداری ١٩٧٤ (ئەندری گریچکو -Andrei Grechko) وەك نوێنەری مۆسکۆ، کە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ (بارزانی) هەبوو کاتێك لە سۆڤێت بوو، سەردانی عێراقی کرد تا یارمەتی کوردی عێراق بدات ڕێکبکەون، بەڵام (بارزانی) بە پێشنیاری ئەمریکاو ئێران بە هیچ جۆرێك ئامادەی  هیچ جۆرە ئاشتەوایی‌و ڕێکەوتنێك نەبوو. هەتا خودموختاریی سنورداری عێراقیان یەك لە دوایەك ڕەتکردەوە. ئەمەش بێگومان لەسەر داوای ئەمریکاو ئێران بوو[٢]، چونکە پێشتر ڕێکەوتنی نهێنی لە نێوان (بارزانی)و ئەمریکا هەبوو لە ئابی ١٩٦٩، کە نابێت شۆڕشی کورد ئەو چالاکیانە بکات کە دژی ئامانجەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە[٣]. کاتێکیش لە نیسانی ١٩٧٤دا، شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عێراقی هەڵگیرسایەوە پێکدادانی قورس لە نێوان هەردوولادا ڕویدا، لەم قۆناغەشدا مستەفا بارزانی هەموو کارەکانی خۆی بەو پشتیوانییەوە گرێدابوو، کە ئێرانو ئەمریکا بەڵێنیان پێدابوو[٤]، بەڵام کۆمەكو هاوکارییەکانی ئێرانو ئەمریکا لە مانگی مایسی ١٩٧٤دا، بە تەواوەتی کەمی کردو بەشێوەی پچڕ پچڕو بڕی زۆر کەم دەگەشت بە کورد، بەهۆی نزیکبوونەوەی نهێنی ئێران و عێراق. لەم کاتەشدا نوێنەرایەتی کورد لە ئەمریکا کاربەدەستانی باڵای ئەمریکییان لە پێدانی یارمەتی‌و کۆمەکی کورد ئاگادارکردەوە[٥]، لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی باڵای ئەمریکا پێیانوابوو، پاڵپشتی کوردەکان لەم کاتەداو پێشوازیکردنی هەر نوێنەرێکیان، خزمەت بە ئامانجو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناکات، لە هەمان کاتدا هەڵگیرسانەوەی شەڕیان بە ناکۆکییەکی نێوخۆیی عێراق لە قەڵەم دا. وایان دەڕوانی، پێویستە ئەمریکا خۆی لەو ناکۆکییە نەگلێنێت[٦]. ئەمەش لە سیاسەتي دەرەوەي ئەمریکادا شتیضکي ئاسایي بوو، چونکە هەر پەیوەندییەکی لەگەڵ کورد لە ڕێگەی تارانەوەبوو، پاشان واشنگتۆن نەیدەویست لەسەر شکستی شۆڕشی کورد پاڵ بە عێراقەوە بنێت بەرەو سۆڤێت و بە پێویستیشی نەدەزانی زیانێکی لەو جۆرە بەرژەوەندییەکانی بدات. هەر بۆیە ئەمریکا نەك کۆمەکی کوردی نەکرد، بگرە تەنانەت هەتا یەك کەسی وەك پەنابەری سیاسی وەرنەگرت. ئەگەرچی یاسا ڕێگەی کارێکی وەهای پێدابوو. هەروەك پێیان وابوو:"نابێت چالاکی پەنهانی بەکاری موژدەدەرانی ئاینی بزانرێت"[٧]. هەر بۆیە ڕێکەوتنی جەزائیری نێوان عێراقو ئێرانو پشتکرنی (شا)و ئەمریکا لە کوردی عێراق وایکرد شۆڕشی کورد سەرەکیترین پشتیوانو هاوپەیمانی خۆی لەدەست بدات، چونکە نزیکەی(٨٠%)ی کۆمەكو یارمەتی سەربازیی‌و دارایی شۆڕشی کورد لە بەرامبەر عێراق

---

سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٨٦.

[١] اردشير پشنگ: م.پ، ص١٤٠.

[2] William Blum: Op.Cit, P.243.

[٣] بدون مؤلف: م.پ، ص١٧.

[4] David McDowall: A Modern History of the Kurds, I.B.Tauris Publishers, London, 2000, P.327.

[٥] د.گوینتەر دیشنەر: س.پ، ل٢٨٦.

[6] In the House of Representative: The Kurds in Iraq, July 11, 1974.

[7] William Blum: Op.Cit, P.244.

له واشنگتۆنو تارانەوە سەرچاوەی دەگرت[1].

به كورتی تێبینی دەكەین، دوای واژوكردنی پەیماننامەی دۆستایەتی عێراق-سۆڤێت له نیسانی ١٩٧٢و خۆماڵیكردنی نەوت لەلایەن عێراقەوە، تادەهات توانا سەربازیو ئابوورییەكانی عێراق به پاڵپشتی یەكێتی سۆڤێت له هەڵكشاندابوو، ئەمەش بێباكییەكی گەورەی لای حكومەتی عێراق بەرامبەر به جێبەجێكردنی بەندەكانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دروستكردبوو، لەبەرئەوە سەركردایەتی كوردی له سیاسەتو هەڵوێستەكانی عێراق بەرامبەر به كێشەی كورد تەواو بێ هیوا ببوون. لەم قۆناغەشدا تاكە لایەنی بەرهەڵستكاری ناڕازی دژی ڕژێمی بەعس به دەست ئەمریكاو ئێرانەوە، كورد بوو، لەبەرئەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٢-١٩٧٤) ئەمریكا پاڵپشتی كوردی دژی حكومەتی عێراق كرد بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعسی پێ سەرقاڵ بكات، بەشێوەیەك ناسەقامگیری نێوخۆیی عێراق وا لەو وڵاتە بكات نەتوانێت مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیو هاوپەیمانەكانی ئەمریكا له ناوچەكە به تایبەتی ئیسرائیل، دروستبكات. له هەمان كاتدا به شێوەیەكی سەرەكیش واشنگتۆن مەبەستی بوو بزوتنەوەی كوردی دژ به هەژمونی سۆڤێت له عێراق بەكاربهێنێت، لێرەدا ئەمریكا خوازیاری نەسەركەوتن، نه بەدەستهێنانی مافی كورد نەبوو له چوارچێوەی عێراقیدا، بەڵكو تەنها مەبەست بەكارهێنانی كورد بوو وەك كارتێك بۆ لاوازكردنی دەسەڵاتی پارتی بەعسو لاوازكردنی پێگەی یەكێتی سۆڤێت له عێراقو ناوچەكە.

## ئەنجام

• كودەتای دووەمی بەعس خاڵی وەرچەرخان بوو سەبارەت به پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و عێراق، چونكه لەم قۆناغ بەدوواوە حكومەتی نوێی عێراقی هەڵوێستێكی توندی بەرامبەر به ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی له ناوچەكە گرتە بەر، لەبەر ئەوە ئەمریكایش دەستی به پیادەكردنی سیاسەتێكی جیاواز له ئیدارەی پێشتری جۆنسن بەرامبەر به عێراق كرد.

• له قۆناغی ئیدارەی (نیكسن)دا هەژموونی سۆڤێت له عێراق و پەیوەندییەكانی نێوان ئەم دوو وڵاته گەورەترین پەرەسەندنیان به خۆوە بینی، له چوارچێوەی ململانێكانی جەنگی ساردیشدا، ئەمه پێچەوانەی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا بوو له عێراق و كۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونكه هەر چەشنه پەرەسەندنێكی هەژموونی سۆڤێت له هەر وڵاتێكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتیبوو له كەمبوونەوەی هەژموونی ئەمریكا و دروستبوونی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە زیندووەكانی.

• له ئیدارەی (نیكسن)دا بۆ یەكەمجار پاڵپشتییەكی سنوردار و نهێنی له كورد و شۆڕشی كورد دژ به حكومەتی عێراق كرا، بەڵام هەر ئەم ئیدارەیە نەیهێشت بگاتە ڕێكەوتنی تەواوەتی لەگەڵ حكومەتی عێراقی، له هەمان قۆناغدا هاوكارییەكی وەهای شۆڕشی كوردی نەكرد تا بگاتە سەركەوتنی تەواوەتی، دوا جاریش دوای دەستپێكردنەوەی شۆڕش و كۆنترۆڵكردنەوەی یەكلەدوایەكی ناوچەكانی كوردستان له لایەن عێراقەوە هیچ پاڵپشتییەكی كوردی نەكرد.

[1] اردشير پشنگ: م.پ، ص١٥٤.

• ئەمریکا دژی خۆماڵیکردنی پەترۆلی عێراقی بوو  بە پاڵپشتی سۆڤێت، چونکە ئەمریکا مەترسی گەورەی لەوە هەبوو هەنگاوەکە بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە پەرەبسێنێت و زیانی گەورە بە بەرژوەندییە پەترۆلییەکانی ئەمریکا بگەیەنێت، لەم کاتەشدا (٤٢%) ی کۆی نەوتی پیشەسازی ئەمریکا و (٧٥%)ی نەوتی هاوپەیمانەکانی تەنها لە سعودییە و وڵاتانی کەنداوەوە دابین دەکرا.

• سەرەڕای کۆی فشار و سیاسەتەکانی، بەڵام ئەمریکا لە ئیدارەی نیکسندا نەیتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە سەر هەژموونی سۆڤێت لە عێراق دروستبکات، چونکە عێراق و سۆڤێت لە دوای پەیماننامەی هاوکاری و دۆستایەتی ساڵی (١٩٧٢)وەوە وەك دوو وڵاتی هاوپەیمانی ستراتیژی یەکتر کاریان دەکرد.

• یەکێك لە ئەنجامەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت لە عێراقدا، کوردو شۆڕشەکەی زیانێکی گەورەی پێکەوت و بەشێك لە توێژەران دوورگرتنی ئەمریکاو هەڵوێستی لاوازو شەرمنانەی بەرامبەر هەرەسی شۆڕشی کورد بە هۆکارێکی سەرەکی شکستی شۆڕشی کوردی دەزانن.

## لیستی سەرچاوەکان:


**یەکەم: بەڵگەنامەکان:**

**١- بە زمانی ئینگلیزی:**

1. F.R.U.S,1964-1968, Volume XXl, Memorandum From John W. Foster of the National Secretary Council Staff to President's Special Assistant Rostow, Subject: A Clear Picture of the Iraqi Coup, Washington, July 22,1968.
2. F.R.U.S, 1969-1976, Volume E 4, Document on Iran and Iraq, Memorandum on Conversation, Subject: Washington Meeting with Kurdish Representatives, July 5, 1972.
3. F.R.U.S,1964-1968, Volume XXl, Memorandum From John W. Foster of the National Secretary Council Staff to President's Special Assistant Rostow, Subject: The Iraqi Coup, Washington, July 17,1968.
4. F.R.U.S, 1969-1976, Volume E 4, Document on Iran and Iraq, Memorandum, Subject: Assistant to Iraqi Kurdish Leader Mulla Mustafa Barzani, July 18, 1972.
5. FRUS,Vol 4, Intiligence memorandum, Washington, 12 April 1972.
6. FRUS, Vol.E.4, Merandum from Harold Sandres and Samuel Hiskinson to Henry Kisinger, Washington 17 may 1972.
7. In the House of Representative: The Kurds in Iraq, July 11, 1974.
8. Robertb in the House of Representative, Soviete Union and Poison Gas, By; Robert J.Huber, November, 1973.

**٢- بە زمانی فارسی:**

١. بدون مؤلف: بارزانی و قیاده مؤقت- عوامل سیا، مترجم: جهانشاه دهکروی، انتشارات تاریخ، تهران، شهریور ١٣٥٨.

**دووەم: نامە ئەکادیمییەکان:**

**١/ ماجستێر:**

١. ابراهیم رسول حسین العامري: التطورات السیاسة الداخلیة في العراق(١٩٦٨-١٩٧٣)، رسالة تقدم بها الطالب

إلى مجلس كلية التربية للعلوم الإنسانية/ جامعة كربلاء وهي جزء من متطلبات نيل درجة ماجستير آداب في التاريخ الحديث والمعاصر، جامعة كربلاء، العراق، ٢٠١٧.

**٢/ تێزی دکتۆرا:**

1. Bryan R. Gibson: US foreign policy, Iraq, and the Cold War 1958-1975. A thesis submitted to the London School of Economics and Political Science Department of International History for the degree of Doctor of Philosophy, United Kingdom, 2013.

**سێیەم: کتێب :**

**یەکەم/ کوردییەکان:**

١. ئیبراهیم جەلال: خاوروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بونیادنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١_١٩٧٥، چ٣، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢. ڕێبوار کەریم مەحمود: پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ(٥٣)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧.
٣. عومەر نورەدینی: سیستمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣.
٤. فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵا: بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
٥. فەرهاد حەمزە محمد: مێژووی نەوتی کەرکوك، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٦. ڤی بی مارِ :مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی: حەمەشەریف حەمەغریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
٧. کاروان جوهر محمد: ئیدریس بارزانی(١٩٤٤-١٩٨٧) ژیانو ڕۆڵی سیاسیو سەربازی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩.
٨. کۆن کۆگلن: سەدام و ژیانی نهێنی، و: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠٠٩.
٩. گوینتەر دیشنەر(دکتۆر): کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو، و: حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
١٠. لوکمان میهۆ : کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق)، و: وریا ڕەحمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
١١. م.س.لازاریف: مێژووی کوردستان، و:وشیار سەنگاوی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
١٢. مەسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی ، بەرگی ٣، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٣. نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی قانیع، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٤. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا(١٩٦١-١٩٧٥)، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

**دووەم/ عەرەبیەکان:**

١. ابراهيم الزبيدى: حزب البعث العربي الاشتراكي، مؤسسة كتابات، بدون مكان، ٢٠١٣.
٢. اديث و اى واين بيزوز: العراق دراسة في علاقات الخارجية و تطورات الداخلية ١٩١٥-١٩٧٥، ت:

عبدالمجيد حسيب قيسى، جلد الثاني، الطبة الاولى، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٨٩.
٣. امين هويدى: كيسنجر و إدارة الصراع الدولى، الطبعة الاولى، دار الطبعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٩.
٤. انيس الدغيدى: C.I.A و ملفات الحكام العرب، ت: طة عبدالروف سعيد، دارالكتاب العربى، دمشق، ٢٠٠٦.
٥. ايوب بارزانى: الحركة التحرية الكوردية و صراع القوى الاقليمية و الدولية١٩٥٨-١٩٧٥، دار النشر الحقائق، سويسرا، ٢٠١١.
٦. تشارلر تريب: صفحات من تاريخ العراق، ترجمة: زينة جابر ادريس، ط١، دار العربية للعلوم، لبنان، ٢٠٠٦.
٧. شكيب عقراوى: سنوات المحنة فى كردستان (اهم احداث السياسية و العسكرية فى كردستان والعراق ١٩٥٨-١٩٨٠)، الطبعة الثانية، مطبعة منارة، اربيل، ٢٠٠٧.
٨. صلاح خرسان: صفحات من تاريخ العراق السياسى الحديث، ط ١، موسسة المعارف للمطبوعات، بيروت، ٢٠٠١.
٩. عبدالخالق حسين: ثورة ١٤ تموز العراقية و عبدالكريم قاسم، دار المهاد، ديمشق، ٢٠٠٢.
١٠. فاضل رسول(دكتور): كردستان و السياسة السوفيتية فى شرق الاوسط، ترجمة: فسان نعمان، سليمانية، ٢٠٠٨.
١١. مايكل بي. أورين: القوة والإيمان والخيال(أمريكا في الشرق الاوسط منذ عام ١٧٧٦ حتى اليوم)، ترجمة: آسر حطيبة، الطبعة الاولى، كلمات عربية للترجمة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٨.

**سێیەم/ فارسییەکان:**
١. اردشير پشنگ: كردها در ميان جنگ ايران و عراق(بررسى تاثير جنگ ايران و عراق بر جنبش مبارزاتى كردهاى عراق ١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپ اول، نشر مرزوبوم، تهران، ١٣٩٤.

**چوارەم/ ئینگلیزییەکان:**
1. David McDowall: A Modern History of the Kurds, I.B.Tauris Publishers, London, 2000.
2. Haim Shemesh: Soviet-Iraqi relations 1968-1988in the shadow of Iraqi-Iran conflict, lynne rienner publishers, London, 1992.
3. Kennetb O5ood; Eisenhower and the Regime change in Iraq, American and Iraq, contemporary security studies, U.S.A, 2009.
4. Marion Farouk and Peter Slugllet; Iraq since 1958 from Revolution to Dictatorship, Tauns, London, 2003.
5. Oles M. Smolansky with Bettie M.Smolansky: The USSR and Iraq; The Soviet Quest for Influence, Duke University Press, U.S.A, 1991.
6. Patrik Kiely: Iraq and Balance of Power 1968-1979; American and Iraq, an temporary security studies, U.S.A, 2009.
7. William Blum: Killing hope; U.S. military and CIA interventions since World War II, 4th Printing, Common Courage Press, 1995.

**چوارەم: گۆڤارەکان:**
١. ئەمیر عەبدولا: کاریگەری نەمانی یەکێتی سۆڤێت لەسەر دنیای عەرەبی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ(٢)، تشرینی دووەمی ١٩٩٧.